بەڕێوبەری تیمی ئێتەمبەلی ڕەدبوڵ ڕووبەڕووی لێکۆڵینەوە دەبێت بەهۆی ناردنی وێنەی نەشیاو

بەڕێوبەری تیمی ئێتەمبەلی ڕەدبوڵ، کریستیان هەرنەر بەهۆی ناردنی وێنەی نەشیاو بە یەکێک لە خانمە کارمەندێکی تیمەکەی و بەزارکردنی بە بەردەوامی بیارە لەلایەن تیمی ڕەدبوڵەوە لێکۆڵینەوەی لەگەڵ بکرێت.

کریستیان خانمە کارمەندێکی تیمەکەی بەزاردەکات ڕۆژانە بە ناردنی وێنەی نەشیاو و ڕەفتاری نادروست، ئەو خانمەش ڕاستەوخۆ بە بەڵگەوە داوا لە تیمی ڕەدبوڵ کرد کە ئەم بەزارکردنی کریستیان بوەستێنن، لە کاتێکدا هەرنەر لە دادگای فیدراسیۆنی ئێتەمبیل ناسراو بە (FIA)، ئەم تەمەتانە ڕەتدەکاتەوە، بەڵام ڕەدبوڵ دەستیان بە لێکۆڵینەوە لە بابەتەکە کرد.

هاوکات بە هەرنەریشیان گووتووە، کە باشترە گرێبەستەکەی لەگەڵ تیمی ڕەدبوڵ هەبوەشێنێنەوە و چەند سەرچاوەیەک ئاماژە بەوە دەکەن، کە ڕەدبوڵ بەڵێنیان بە هەرنەر داوە ئەگەر گرێبەستەکەی هەبوەشێنێتەوە بابەتەکە بە هەردوولا بە پارەزراوی دەمێنێتەوە و کێشەیی پێدەهێنرێت.